پێشبینی دەکرێت سبەی هەینی لە کاتەکانی شەوەوە هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێر کاریگەری شەپۆلێکی بەفر و باران



کەشناسی هەرێم رایگەیاند، پێشبینی دەکرێت سبەی هەینی لە کاتەکانی شەوەوە، هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێر کاریگەری شەپۆلێکی بەفر و باران و لەماوەی شەپۆلەکەدا کە چەند رۆژێك بەردەوام دەبێت، پلەکانی گەرما چەند پلەیەك دادەبەزن.

کەشناسی هەرێم، ئەمشەو پێنجشەممە، لە راگەیەندراوێکدا وتی، پێشبینی دەکرێت درێنگانی شەوی هەینی لەسەر شەممە هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێر کاریگەری شەپۆلێکی باران بارین و بەفر بارین.

ئەوەشی خستەڕوو، سەرەتا لەکاتەکانی دوای نیوەشەو تا پێشنیوەڕۆی شەممە بارانی پچڕپچڕ دەبێت لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی هەرێم (سلێمانی و هەڵەبجە)و گەرمیان و کەرکوک و هاپێین و لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکور تەنیا کەمێک نەم باران دەبێت، پاشان کاریگەری شەپۆلەکە دەڕۆ دەبێتەوو سەرجەم ناوچەکانی هەرێم دەگرێتەوە.

ئاماژەی بەوەشداوە، لە کاتکانی پێش نیوەشەو تا پێش بەرەبەیانی یەکشەممە بە ماوەیەکی کورتخایەن شەوازی باران بارین دگۆڕێت بە بارانی بەڵەزمە لە ناوچەکانی سنوری دهۆک-بەردەشێ- هەولێر و کەیە و بەشێک لە سنوری ناپێین و ئیدارەی سەران و ئاکرێ و ناوچە شاخاویەکانی چەژهەڵاتی دهۆک، هاوکات تەکەوێی بارینی بەفر و باران دەبێت لە ئیدارەی سەران و لە ناچەکانی دیکەی هەرێم نەم باران و بارانی مامناوەند دەبارێت.

کەشناسی هەمای بە ئەوەش کردوە، بەیانی چەژی یەکشەممە باران بارین لەسەر پارێزگای هەولێر و دهۆک زێر لاواز دەبێت و تەنیا لە ناوچەکانی چەژهەڵاتی هەرێم (سلێمانی و هەڵەبجە)و ناوچە شاخاویەکان نەم باران دەبارێت .

بەپێی قسەی کەشناسی هەرێم، لە کاتکانی شەوی یەکشەممە لە سەر دوشەممە کاریگەری باران بارین سەرجەم ناوچەکانی هەرێم دگرێتەوە بە نەم باران و بارانی مامناوەندی پچپچە و لەدوای نوەڕۆ دیسان کاریگەرییەکەی لاواز دەبێت لەسەر هەردو پارێزگای هەولێر و دهۆک، بەڵام کاریگەرییەکەی لە ناوچەکانی چەژهەڵات (سلێمانی و هەڵەبجە) و ناوچە شاخاویەکان بەردەوام دەبێت.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لەماوەی شەپلەکەدا، پلەکانی گەرما (3-5) پلەی سیلیزی نزم دەبنەوە بە بەراورد بە پلەکانی گەرمی ئەمڕۆ پێنجشەممەو هەروەها خرایی با (15-25) کم/ک دەبێت بەڵام چەژی شەممە لە هەولێر چالاک دەبێت بە سەروی 35کم/ک، هەروەها لەڕێژی دوشەممە لە سلێمانی خرایی با چالاک دەبێت بە سەروی 45 کم/ک.

جەختیشی کردتەوە کە لە ماوەی ئەم شەپلەدا بەفر لە سەرجەم ناوچە شاخاویە سنوریەکان و هەندێک لەو ناوچانەی نزیکن لە ناوچە شاخاویە سنوریەکان دەبارێت.